# ئيمه كوشته ی حزباندی ده سه لاتين !!

شه مال عادل سليم

www.sitecenter.dk/shamal

بۆ ئه وه ی  هاوكيشه لينگه و قوچ و سه قه ته كان راست بكه ينه وه و ده بێ به ر له هه موو شتێ  ده سه لات و ناوه ندی بڕيارده ری حزبه كان و گروپ و ريكخراوه كان خۆيان به به رهه می راسته قينه ی ديموكراسی و ئه و فه زائازاده بزانن كه له دوای راپه‌رينی سالی 1991 هاته ئاراوه  نه ك به‌پيچه‌وانه ( ديموكراسی به به رهه می تيكۆشان و خه باتی خۆيان بزانن) !     هه روه ها ده بێ ديموكراسی له ئازادی جودا بكه ينه وه چونكه ديموكراسی وه ك سيسته ميكی ئابووری و كۆمه لايه تی و سياسی جياوازه له گه‌ل ئه وئازادييه له لای ئيمه هه يه هه بووه !!

ئيمه له دوای ساته زيرينه كانی راپه‌رينی ئاداری سالی  1991 ده رگاو ئاسۆيه كی پربه هامان بۆ كرايه وه بۆ بنياتنانه وه ی كه سايه تی تاكی تيكشكينراوی كوردستانی وساريژكردنی برينه ته ره كانی  كه زياتر له هه شتا ساله به درنده ترين شيوه ده چه‌وسيندريته وه وقه تل و عام و ئه نفال و خه فه ده كريت و ده پيچريته وه كه چی له به ختی كه چمان له بری         دۆزينه وه ی داوده رمانی راسته قينه بۆ كيشه و گيروگرفته كانمان و هه نگاونان بۆ به مه ده نيه ت كردنی كۆمه لگاكه مان و هه ولدان بۆ گه‌يشتن به ئامانجه راسته قينه كانمان و خولقاندن و هينانه دی فه زايه كی ئازاد بۆ پاراستنی ده سكه وته كانمان  و هه ولدان بۆ هينانه دی ئه و فاكته رانه ی كه ده بنه هۆی گورينی كلتوور و به ها كۆمه لايه تيه كانی ترو بۆ خۆ گونجاندن له‌گه‌ل عه‌لگه‌رايي و فه لسه فه زانستييه كان وعه قلانييه كانی سه رده م ! كه وتينه گيان په‌رله مان و (حزباندمان )و كردمانه موئه سسه سه يه كی  بێ ده سه لات و شوينيك بۆ ده ست  هه لبرين و چه‌پله‌ليدان و سه رله قاندن و  هۆكاره ناوخۆييه كانيشمان كه مه رجی  سه ركه وتنمان بوو خۆشمان ليي به رپرسياربوين  ئيفليج كراو و لينگه‌وقووچ هه لواسرا                 و به رژه وه ندی حزبايه تی خرا سه ر به رژه وه ندی نيشتمانی وململانئی حزبی بووه دياريده و به شيوه يه كی به ربلاو            ده ستی پیكرد و له ناو په‌رله مان و دامووده زگاكاندا په‌ره ی سه ند و گه‌يشته ناو دائيره و موئه سه سات و قوتابخانه و كارگه‌و دوكان و بگره سه رشه قامی كوردی و كوردستانيانی هه نده رانيشی گرته وه و له سه ره تا به جنيوو شه ره په‌رۆو  و دواتريش  شه ری نه‌گريسی خۆكوژی بوو به ديفاكتۆيه ك يه خه ی هه ردوو حزبی ( يه كيتی و پارتی ) گرت و ئيدی هه ر ئه و گرتنه بوو كه كه رتكردن و دووئيراده دووئيداره يي  لێ كه وته وه  ئاسه واره كه شی تا ئه مرۆ زۆر باش پيوه دياره  !!  ناعه قلانی  له هه موو رويه كه وه گه‌نده لی  سياسی و ئيداريش وه ك ميرووله  ده ميان تێ ناين و كلۆرو كرميان كردين!!!

دياره ئۆبالی رووداوه كان ته نها  ناكه ويته ئه ستۆی لايه نيك به لكو هه ردوولا ( يه كيتی و پارتی ) ليي به رپرسيارن چونكه له بری حزب حزبانێ و شه ره په‌رۆو ئيمتيازی حزبايه تی و به رفراوانكردنی ئۆتۆريته ی سياسی ده كرا يه ك ريزی و يه ك هه لويستی و يه ك ده نگی په‌يره و بكريت و له بری حزباندنی ده سه لاتيش به مه ده نيه ت كردنی كۆمه‌لگاو و گه‌رانه وه بۆ   عه قل عه قلانيه ت و مه ده نييه ت په‌يره و بكريت نه ك به رژه وه ندی ته سكی حزبايه تی  له به رچاو بگيريت  !!دياره

لای ئيمه حزب و حزبايه تيش له يه كتر جودا ناكرينه وه حزب وه ك يه كيتی يه كی ئاره زوومه ندانه خه لك له خۆی         كۆده كاته وه بۆ گه‌يشتن به مه راميكی پيروز! حزب عه قل و تواناو كۆشش كۆده كاته وه له‌پيناو حزمه ت كردنی            به رژه وه ندی نه ته وه يی به لام حزبايه تی خه لك به كوشت ده دات و ژيان له خه لك تال ده كات! به لێ حزبايه تی يه كسانه به شه ره په‌رۆ و خزم خزمينه و مه حسوبييه ت و ته زكييه و خۆ ده وله مه ند كردن و شان و بال سرين و حزباندن  !

دياره ره وشی ئه مرۆی عيراق به گشتی و كوردستانيش به تايبه تی بويته فاكته ری هاتنه ئارای قه ناعه ت له لای هه ردوو مه كته بی سياسی پارتی و يه كيتی  بۆ يه كريزی و يه ك هه لۆيستی و هيچ بواريكيان بۆ ئاوردانه وه به ديوه نيگه‌تيفه كه بۆ نه ماوه ته وه  هه روه ك هه ردوولا به راشكاوی له كۆرو كۆبونه وه كان  ئاماژه ی پێده ده ن و بۆيه هه نگاوهه لينان بۆ راسته  شه قامی يه‌كگرتنه وه و ئاشته وايی و ته بايی به هه واو هه وه س نييه  به لكو پيداويستيه كی سه رده مه و له هه رهه مووش گرنگتر

ئه وه یه كه جولانه وه مان به پیچه‌وانه ی ئه م راستییه نه ك ته نها ئه جنده ی كو ردستانیان كه لینی تێ ده كه وێ به لكو ئه زموونه كه مان به ره و هه ره س ده بات .

به لێ دووئیداره یي له وپه‌ری كارايي خۆيدا له نيو به هيز ترين ده سه لاتدا نه يتوانی هه لگری ته واوی تواناكانی كۆمه ل بێ

بۆيه گه‌ر بمانه وێ په‌رله مانی ئه مجاره مان به ئيراده و ئه كتيف خاوه ن پرۆژه بيت و شوينيك نه بيت ته نها بۆ ده ست هه لبرين و ئيمزاكردن سه رله قاندن ده بێ په‌رله مانتاره كان نوينه ری راسته قينه ی خه لك بن نه ك هی حزبه كانيان ده بێ بريار له په‌رله مان ده ربچێ نه ك له هه ردوو مه كته بی سياسی ! په‌رله مان ده بێ ته عبير له داخوازيه كانی گه‌ل بكات ! ئه ندامانی له ده ره وه ی قوبه ی په‌رله مان ئه ندامی حزبه كه يان بن و له هۆلی برياريش نوينه ری راسته قينه ی خه لك بن .

له كۆتايدا ده‌پرسم ئاخۆ ئه م جاره په‌رله مان رۆل له حزبه كان وه رده‌گريت ؟ يان هه ر حزبه كان مه رجه ع ده بن ؟

گه‌ر هه رحزبه كان مه رجه ع بن باشه له كۆمه‌لگايه كی نا ديموكراسی په‌رله مان كاری چييه؟ ئاخۆ په‌رله مان له پيناوی سه روه ری نيشتمان و ميلله ت كارده كات و ده ستی بالای ده بێ له ئا وه دان كردنه وه ی كوردستان ؟ ئاخۆ په‌رله مان زمانی ده كريته وه يان هه ر وا لال و لاوازو شه رمه زار ده بيت ؟ ئاخۆ رولی‌حزبه كان كه متر ده بێ له كاتی دسبه كاربوونی په‌رله مان ؟ يان هه رئه وان سه روه ر ده بن ؟

ئاخۆ حزبه كانی ديكه هه روا وابه سته ی ئه م لا يا ئه ولا ده بن ؟ يان ئه كتيف و خاوه ن هه لويست ده بن ؟

ئاخۆ ئه م جاره ش په رله مانتاره كان ده سه لا ت ده حزبينن ؟ ئاخۆ په رله مانتاره به ريزه كان ده توانن له مۆراله ته قليدييه كانی حزبه كانيان ياخی ببن و به سپی بلين سپی به ره شيش بلين ره ش ؟ ئاخۆ په رله مان ده بيته د ه سه لاتيكی ته ندروست و هيزيكی سه ربه خۆی چه خت و فشارو خاوه ن ده سه لات ؟ ئاخۆ بوار به خه لكی پسپۆرو شاره زاو كارامه و رابردووپا ك ده درێ كه رۆلی خۆيان له ناوه ندی بريار ببينن ؟ به ديويكی تر ئاخۆ مرۆڤی شياو له شوينی شياو داده نرێ ؟ ئاخۆ ئه و به ليننانه ی كه به خه لكی دراوه جنبه جێ و پراكتيزه ده كريت ؟ ئاخۆ ره خنه به مانا ته ندروسته كه ی بۆ تيكوپيكدانی كاره قيزه وه نه كان قبوول ده كريت ؟ ئاخۆ سه رۆكی هه ريم ده توانی له چوارچيوه ی به رژه وه ندی حزبه كه ی ده ربچێ و ببيته سه رۆكی هه ريم و نوينه ری راسته قينه ی گه‌ل و چه‌تريك بۆ هه مووان ؟ سه رۆ كيك بۆ هه موومان به جياوازی ره‌نگ ده‌نگ و بيروبۆچونه كانمان ؟ ئاخۆ ئه و پۆسته بۆ به سه ركردايه تی هه ردوو حزب ( پارتی و يه كيتی ) يه؟ يان خه لكيكی شياوو رابردوو پاكيش ده توانێ بۆ ئه م پوسته خۆی كانديد بكات؟ به رای من گه وره ترين ئه ركي نيشتماني بۆ يه كێ پوستي سه رۆكايه تی وه رگرتبێ ئه وه يه كه به ر هه موو هه نگاويك ياسايه ك دياری بكات بۆ ئاشتی و ته بايی و دووباره نه بونه وه ی شه ری خۆكوژی به واتايه كی تر ئاشتيه كی راسته قينه بيته پيش وبه هيزی ياساش جنبه جێ بكرێ وهيزی چه‌كدار( ميليشيا) ی هه ردوو حزب بكرينه هيزيكی تۆكمه ی نيشتماني و له مه و دوا نه حزبينرين بۆ شه ری خۆكوژی به كارنه هينرين !! ماف و به هره مه ندی و ئازادی تاك به ياسا دياری ده كريت ؟ ئاخۆ ئه مجاره ش حزبه كان حكومه ت به ريوه ده به ن له ريگای مه كته بی سياسی وه ؟ يان له ريگای دامه زراو ريكخراوه مه ده نييه كانه وه به ريوه ده بردرين ؟ ئاخۆ خه لك كاريگه ری ده بێ له سه ر حكومه ت ؟ ده بێ ئه وه ش باش بزانين كه له مه و دوا بزوتنه وه ی نيشتمانی كوردستان و سه رۆكی هه ريم ته نها په‌يوه ندی به ئيمه وه نييه به لكو ده بێ ببيته نموونه يه كی باش و سوود به خش بۆ به شه داگيركراوه كانی تری كوردستان ........ دياره رۆژانی داهاتوو گه‌ره نتين بۆ وه لام دانه وه ی ئه م پرسيارانه و روونكردنه وه ی زۆر لايه نی شاراوه و ژيراوژيری ئه م كيشانه ی كه ئه مرۆ هه رهه موومانی نيگه‌ران و بێ ئۆقره كردووه !!!

جارێ ته واو

كۆبنهاكن ..... هه ولير